# کاریگەرییەکانی جەنگی ئێران و ئەمریکا لەسەر داهاتووی عێراق و هەرێمی کوردستان

**پرۆفیسۆر دکتۆر سەردار قادر محیەدین**، شارەزا لە یاسای دەستووری و دیپلۆماسییەتی قەیران

**ئەوەی کە دەبێ بگوترێ: ئایا جەنگە ڕاستەقینەکە هەڵگیرساوە؟**

ئەمە پرسیارێکی سەیرە: ئایا دوای 39 ڕۆژ لە جەنگ، دەکرێ ئەو پرسیارە بکەینەوە؟ یان دەشێ بوترێ: ئایا جەنگ لە قۆناغی کۆتاییدایە؟ لە لایەکی تریشەوە پرسیارێکی گەلێک عەنتیکەیە، تایبەت دوای ڕاگەیاندنی جەنگ و دەستپێکردنی دانوستان... بەڵام دەکرێ تەنیا یەک پرسیار لەو بارەیەوە بکەین: ئایا دانوستانێک لەنێوان دوو لایەندا بەرەنجامی دەبێت، کە هەردووکیان خۆیان بە براوە و سەرکەوتوو بناسێنن و ئەوەیش بدرکێنن کە لە هەمان کاتدا تەواوی ئامانجەکانیان بەدی نەهێناوە؟ کەواتە: وەڵامەکە "نەخێر"ە. تا ئێستا ئەو جەنگەی کە دەبێ یەکێک لەو دوو بکەرە سیاسییە بدۆڕێ لە گۆڕەپانی جەنگ و، بۆڕ بدرێ بە پێوەرەکانی جەنگ، ڕووی نەداوە؛ ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ هزری سیاسیی ستراتیژیی دەوڵەتداریی هەردوو لا و ئاستی هەڵکشانی جەنگ.

تا هەنووکە هەردووکیان خوازیاری ڕێککەوتنن، بەڵام هەر یەکەو بە مەرج و ئەجێندای خۆی. ئێران مەبەستیەتی لەگەڵ ئەمریکا ڕێک بکەوێ و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەبەرچاو بگرێ، تەنانەت بیشیانپارێزێ، بەڵام بەو مەرجەی سیستەمە سیاسییەکەی بمێنێتەوە و تایبەتمەندیی خۆی لەدەست نەدا ـ ئەوان بەرەنگار دەبنەوە تا بمێننەوە. ئەمریکا و ئیسرائیل مەبەستیان نەمانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی نییە، بەڵکوو مەبەستەکە لاوازکردنی و خستنەژێر هەژموونی ئیسرائیلە و، دەبێت لە خولگەی ستراتیژییەتی ئەمریکادا کار بکات؛ ئیدی کێ حوکم دەکات گرفت نییە.

**پێوەرەکانی هەڵگیرسانی جەنگی فراوانی نێوان ئەمریکا و ئێران چین؟**

هەوڵە دیپلۆماسییەکان دەگەنە حاڵەتی بنبەست و هیوایەک بۆ ڕێککەوتن نامێنێتەوە. کەوتنەوەی خەسارەتێکی گەورەیە، بەتایبەت لە ئەمریکا. سیستەمی هەرێمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا هەنووکە دووچاری ئیفلیجبوونی تەواو نەبووە. تێوەگلانی گشتی ڕووی نەداوە، بەتایبەت دەوڵەتانی کەنداو و تورکیا. کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر ئاستی ئابووری و وزەی جیهان، جارێ هەر لە سەرەتایدایە. ئەمریکا هیچ نیازێکی بە گۆڕینی سیستەمی سیاسیی ئێران نییە. هەردوو لا خوازیاری وەستاندنی جەنگەکەن، بەڵام ئەو حاڵەتە دەبێت لەگەڵ بەدیهێنانی ئامانجەکان هاوتەریب بێت. ئەمە بۆ ئەمریکا زۆر گرنگە، چونکە کاریگەریی زۆر نەرێنیی لەسەر پێگەی ئەمریکا لە ناوچەکە و جیهان دەبێت؛ تەنانەت دوور نییە سیستەمی جیهانی لە تاکجەمسەرییەوە بۆ فرەجەمسەری بگوازێتەوە؛ بەتایبەت ئەو بڕاردەیە زۆرتر دێتە پێش کاتێک ئەمریکا لە ناتۆ بکشێتەوە. بەڵام ئەم بڕاردەیە ئەوەندە ئاسان نییە کە ڕۆژئاوا بەرهەمی زیاتر لە 77 ساڵی تەمەنی سەربازی و ستراتیژیی خۆی بخاتە چنگ چین و ڕووسیاوە، کە بەدوایدا هەژموونی بلۆکی ڕۆژئاوا هەرەس پێ دێنێت. هەر بۆیە دەشێ بۆ ئەم قۆناغە مەحاڵ بێت، چونکە ئەمریکا لەو بارەیەوە دوو گرفتی

سەرەکیی هەیە: بەپێی ماددەی 13 لە پەیمانی ناتۆ، دوای یەک ساڵ لە پێشکەشکردنی داواکاری، دەتوانێت لە ئەندامێتیی ناتۆ بکشێتەوە. لەسەر ئاستی ئەمریکاش ئەو کشانەوەیە پێویستی بە دوو لەسەر سێی ڕەزامەندیی ئەندامانی کۆنگرێس هەیە؛ کە ئەمەیش لەگەڵ هەڵوێست و پێگەی ئێستای ئەمریکا یەک ناگرێتەوە.

## دەکرێ بپرسین: ئایا هێڵە سوورەکانی بەرەو جەنگی فراوان بەزێنراون؟

**لەگەڵ ئەوەیشدا زۆربەی هێڵە سوورەکانی ئەمریکا و ئێران لەلایەن یەکدییەوە بەزێنراون؛ لای ئەمریکا:** ملدانی ئێران بە تەسلیمبوون بە داواکارییەکانی، زەرەرلێکەوتنی زۆر لە ئەمریکا، داخستنی دەروازەکانی هاتوچۆی وزە و ئابووریی جیهان، لێدانی هاوپەیمانەکانی. ئەمانەیش زۆربەیان پێشێل کراون، بەڵام لە بەرانبەر تەسلیمبوونی ئێراندا چارەسەر دەبن. ئەو هێڵە سوورانەی کە لەلایەن ئێرانەوە کێشرابوون، ئەوانیش لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە پێشێل کراون، وەک: لێدانی فراوانی ڕاستەوخۆ لە ئێران، هەوڵ بۆ گۆڕینی سیستەمە سیاسییەکەی، گەمارۆیەکی خنکێنەری ئابووری و لێدان لە ژێرخانی وڵات و هتد. کەواتە تەواوی هێڵە سوورەکان بەلای ئێرانەوە پێشێل کراون؛ ئەوەی ماوەتەوە تەنیا گۆڕینی سیستەمی سیاسییە. ئەوەیش تاکە خاڵی بەهێزی ئێرانە، کە تا هەنووکە ئەمریکا هیچ ئەلتەرناتیڤێکی بۆ دەسەڵاتی سیاسیی ئێران نییە؛ هەر ئەوەیشە تووشی شۆکی کردووە.

باس لە سیناریۆکانی جەنگ دوای چل ڕۆژ کارێکی ئاسان نییە، چونکە هاوکێشە و ڕایەڵەکان زۆر تێکەڵاو بوون و ڕەهەندەکان و کاریگەریشیان لە سنووری ئاساییان ترازاون. بێجگە لە خەملاندنی تراژیدییانە بۆ ئاسەوارەکانی قەیرانەکە، هیچی دی لە ئارادا نییە؛ ئەوەندە نەبێ، کە لەلایەن ئێرانەوە جەنگی مانەوەیە و لەلایەن ئەمریکاشەوە هەژموون و ئابڕوو و پێگەیەتی لەسەر ئاستی جیهان و ڕکابەری لە بەرانبەر چین و ڕووسیا. بەڵام ئەوەی کە مەترسیی هەڵگیرسانی جەنگ زیاتر دەکات، سێ ڕەهەندی سەرەکییە: هەڵکشانی کۆمەکییەکانی ڕووسیا و چین بۆ ئێران، لەگەڵ هاتنەناوەوەی دەوڵەتانی کەنداو و تورکیا، دواتریش کەوتنەوەی قەیرانی ئابووریی دژوار لەسەر ئاستی جیهان. دوو ڕەهەندی یەکەم و دووەم، جەنگی فراوان و دژوار و دوورمەودا و مانەوەی سیستەمی سیاسی دەگەیەنن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

## دەبێت چۆن باس لە سیناریۆکانی جەنگ بکەین؟

دوای چل ڕۆژ لە گرژییەکان، ناکرێ باس لە سیناریۆکان بکەین لەسەر هەردوو ئاستی ئێرانی و ئەمریکا؛ لەو مەودایە ترازاوە، بەتایبەت کاتێک ئەمریکا و ئیسرائیل خۆیان لە گۆڕەپانی جەنگ بەتەنیا بینییەوە و بەناڕاستەوخۆیش ڕووسیا و چین دەستیان بە ئێرانەوە گرتووە تا لە بەرگری بەردەوام بێت و دەسەڵاتە سیاسییەکەی نەکەوێت. لەو بارەیەوە دەکرێ لەسەر ئاستی چەند لایەنێک باس لە تێڕوانینیان بکەین بۆ جەنگەکە:

**لای ئەمریکا سیناریۆکانی جەنگ پوخت دەبنەوە لەمانە:** تا هەنووکە ئێران تەسلیم نەبووە و بەرگری بۆ مانەوە دەکات، لای ئەمریکاش هیچ ئەلتەرناتیڤێکی کەمگرفت بۆ دەسەڵاتی سیاسیی ئێران لەبەردەستدا نییە. هەر بۆیە بۆچوونەکان ئەوەندەی باس لە هەڵکشان دەکەن، هێورکردنەوە ناگرنە خۆیان. هەرچی کراوە، دەبێت جەنگ لە بەرژەوەندیی ئەمریکا و ئیسرائیل کۆتاییی پێ بێت و ئەوەیش گەمەیەکی سفرییە بەلایانەوە دەرهەق بە ئێران. دەبێت ئێرانێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بمێنێتەوە کە هاوبەشی ستراتیژیی ئەمریکا و

ئیسرائیل بێت و بەرژەوەندییەکانیان بپارێزێت.

**سیناریۆی هەڵکشانی جەنگ** لە ماوەیەکی کەمدا لە بەرژوەندیی ئەمریکایە، بەڵام ڕووسیا و چین لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەکی بۆ ئێران، بوار بە کۆتاییهێنان بە جەنگ لە مەودایەکی نزیکدا نادەن. تەنانەت لە ئەنجومەنی ئاسایش دەنگیان بە پڕۆژەیاسای کردنەوەی گەرووی هورمزدا، چونکە کردنەوەی گەرووی هورمز بە بڕیارێکی نێودەوڵەتی، دوو ڕەهەندی تێدایە: بەنێودەوڵەتیکردنی دۆسیەکە، کە لە بەرژەوەندیی ئەمریکایە، دواتریش لاوازکردنی ئێران لە گۆڕەپانی جەنگدا و لێسەندنەوەی کارتە بەهێزەکەی ئێرانە بۆ گوشار.

**سیناریۆی دووەم** بۆ ئەمریکا: هێورکردنەوەی قۆناغبەندییە. ئەمەیش بەنێودەوڵەتیکردنی دۆسیەکەیە و، دەبێت هاتنەناوەوەی نەتەوە یەکگرتووەکانی بەدوادا بێت و بڕیاری تایبەت لە ئەنجومەنی ئاسایشەوە بۆ قەیرانەکە دەربچێت؛ هەروەها دەبێت ئێران بە زۆربەی داواکانی ئەمریکا ڕازی بێت کە ئاکامەکەی یان ڕووخانی سیستەمەکەیە یان دەسەڵاتێک لە ئێراندا بوونی دەبێت کە شوێنکەوتەی هەژموونی ئیسرائیل و ئەمریکا دەبێت. لەم سیناریۆیەیشدا چین و ڕووسیا بەو لێکدانەوەیەی ئەمریکا ڕازی نین و، تا بۆیان دەکرێت هەرگیز ناهێڵن ئێران بکەوێت.

**سیناریۆی سێیەم** لای ئەمریکا بۆ ئەم قۆناغە، قەتماغەدانی هەژموونی ئێرانە لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوە؛ بەوەی کە لەسەر ئاستی ناوەوە: ڕاگەیاندنی ئاگربەست (ئەمەیش کارێکی قورسە، ڕێککەوتن لەسەر بنەماکانی ئاگربەست کارێکی زۆر قورسە و لایەنەکان پابەند نابن پێوەی، چونکە ئەجێندای هەردوو لا بە سەد وهەشتا پلە لێك جیاوازن. ئاگربەست وەک ویستگەیەک بۆ پشوو و سەرلەنوێ خۆئامادەکردنەوە بۆ جەنگێکی وێرانکەر، هیچی دی نییە، تەنیا تروسکایی تێیدا ئەوەیە کە ئێران لەو ڕێگەیە بەپێی قۆناغ پرۆسەی تەسلیمبوون جێبەجێ بکات)، زیادکردنی قەیرانەکان، سەپاندنی هەندێ پرەنسیپی نێودەوڵەتی لە بواری مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسییەت، پتەوکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە و دراوسێکانی ئێران، **دروستکردنی چەند فلای زۆنێک لەناو خاکی ئێران وەک دیفاکتۆ، تایبەت لە ناوچەکانی ئازەرنشین و کوردستانی ڕۆژهەڵات و بەلوچستان- کە گەرووی هورمزیش دەکەوێتە ناوییەوە-، بەڵام فلای زۆنەکان لە مۆدێلی دووورگەی تایوان دەبن نەک هەرێمی کوردستان**، چونکە مۆدێلی یەکەم هیچ بڕیارێکی لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ دەرنەچووە، بەڵام بۆ هەرێمی کوردستان بڕیاری 688 هەیە. مۆدێلی تایوان قەیرانەکە بەکراوەیی دەهێڵێتەوە، بەڵام مۆدێلی هەرێمی کوردستان جۆرێک پشتیوانیی نێودەوڵەتیی بەبەردەوامی هێشتەوە، تا ئەو ساتەی کە مافەکانی لە دەستووری عێراقدا چەسپاند.

ئەم سیناریۆیەیش لەلایەن ڕووسیا و چین لەسەر ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان دژایەتی دەکرێ و هاوکاریکردنیان بۆ ئێرانیش بەردەوام دەبێت.

**بەڵام بە شێوازێکی گشتی چەند ڕەهەندێک کاریگەری لەسەر هەڵوێستی ئەمریکا دروست دەکەن: هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، هەڵوێستی کۆنگرێس، گوشارەکانی ئەوروپا، تەسلیمنەبوونی ئێران بە مەرجەکانی ئەمریکا، جەنگ زیاتر لە دوو مانگ بخایەنێت؛ چونکە لەو حاڵەتەدا لە دەستێوەردانی سەربازیی کاتی کە لە دەسەڵاتی سەرۆکدایە لەو 60 ڕۆژەدا، دەگۆڕێ بۆ جەنگ و دەسەڵاتی کۆنگرێس.**

**سیناریۆکانی جەنگ لای ئێران لە نێوان جەنگی دژوار و سەرتاسەری و ڕێککەوتندایە**. ئەوان لەگەڵ ئەو

بیرۆکەیەن ئەگەر جەنگ بەردەوام بێت، بەسەرتاسەریی بکەن و لە هەوڵی تێوەگلانی هەموو دەوڵەتانی ناوچەکەن. ئەمەیش تێچوو و کاریگەریی جەنگ لەسەر ئەمریکا و ئیسرائیل و دەوڵەتانی ناوچەکە گرانتر دەکات، لە هەمان کاتیشدا بایەخ بە هەوڵە دیپلۆماسییەکان دەدات تا لەوێوە لە دوو ڕەهەند سوودمەند بێت: دۆزینەوەی دەرچەیەک بۆ قەیرانەکە، قۆستنەوەی کات.

لە بەرانبەر ئەوانەیشدا ئەوەی کە زۆر بایەخی پێ دەدەن، بەرەی ناوخۆیە، کە جەخت لەسەر چەند ڕەگەزێک دەکەنەوە بۆ ناوخۆ: بەڕێوەبردنی وڵات و دروستنەبوونی ئاژاوە، پاراستنی سیستەمە سیاسییەکە و نەڕووخانی، سەرکوتکردنی خۆپیشاندان، بەهێزکردنی گوتاری نیشتمانپەروەری و بەرگری، گرنگیدان بە پتەوهێشتنەوەی لێدانەکانی میلیشیا پرۆکسییەکان لە دژی ئیسرائیل و ئەمریکا، لێدان لە هەر ئۆپۆزیسیۆنێک کە خۆی بە ئەلتەرناتیڤی دەسەڵات بزانێت لە ئێران.

**ئەوەی کە تەحەکوم لە هەڵوێستی ئێران دەکات لە مەودای داهاتووی جەنگ، سێ ڕەهەندی سەرەکین:** ئایا چین و ڕووسیا تاچەند توانای پاراستن و هێشتنەوەی دەسەڵاتی سیاسیی ئێرانیان هەیە؟ ئایا میلیشیا پرۆکسییەکان تا کەی دەتوانن لە هێرشەکانیان لە عێراق و لوبنان و یەمەن بەردەوام بن؟ ئایا بارودۆخی ناوخۆی ئێران دوای نەمانی ژێرخانی وڵات، هەر ئاوا لە سوودی دەسەڵات دەمێنێتەوە و لە دژی ڕاناسێ؟

**دەوڵەتی چین گەرچی بێلایەنێکی ئەکتیڤە:** هەوڵی ڕاگرتنی جەنگ دەدات بە بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایش، هێشتنەوەی پەیوەندییە ئابوورییەکانی بێ ئەوەی بخزێتە جەنگەوە، هاوکاریکردنی ئێران بە شێوازی ناڕاستەوخۆ، ئەم جەنگە بە دەرفەتێک دەزانێ بۆ فراوانکردنی هەژموون و پێگەی خۆی لە ناوچەکە و وێناکردنی ئەمریکاش وەک هێزێکی شەڕانگێز، ئەو جەنگە بە دەرفەت دەزانێ تا پێگەی ئەمریکا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەق بکات و وەک هێزی یەکەم لەبەرچاو نەگیرێت، ئەوەیش سیستەمی جیهانی لە تاکجەمسەرییەوە بەرەو فرەجەمسەری سەر دەکێشێ. لەو حاڵەتەیشدا چین هاوشێوەی ئەمریکای ئەمڕۆی لێ دێت و هەژموونی زیاتر دەبێت.

**هەڵوێست و سیناریۆکانی ڕووسیا بۆ جەنگ زۆر لەوەی چین دەچن** و بە دەرفەتێکی خوێنبەربوونی سیاسی و سەربازیی دادەنێن بۆ ئەمریکا، بە شێوەیەکیش ڕۆژاوا لە میدیاکانیاندا وێنا دەکەن کە بەرەی شەڕاگێزن، بەڵام خاڵی هاوبەشی نێوانیان: مانەوەی سیستەمی سیاسیی ئێران، گوتار دژی ڕۆژاوا و دزێوکردنی کەسێتییان، هەردووکیان لە هەوڵدان زۆرترین قازانجیان لەو جەنگەوە دەست کەوێت و ئاژاوەکەیش بۆ فراوانبوونی هەژموونیان لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان زیاد بکەن.

**بەڵام لە کۆی سیناریۆکانی جەنگ، دەتوانین بڵێین:** جەنگ لەو سنوورەی ئێستادا دەمێنێتەوە و کاریگەرییەکی وێرانکەری بۆ ناوچەکە لێ ناکەوێتەوە تا ئەو کاتەی سێ ڕەهەند نەیەنە ناو هاوکێشەکەوە: بەشداربوونی دەوڵەتانی کەنداو، بەشداربوونی تورکیا، قەیرانێکی ئابووریی سنووردار لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان.

## ئایا عێراق بە سیناریۆکانی جەنگ لەوە زیاتر کاریگەر دەبێت پێیان؟

**بەڵێ بۆ عێراق جەنگەکە هێشتا سەرەتای هاوکێشە یەکلاکەرەوەکەیە**، کە چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسیی ئەم وڵاتە دەخاتە مەترسی و گۆڕانەوە. ئەو پەیامەیش ماوەیەکی زۆرە لەلایەن ئەمریکاوە بە عێراق دراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی عێراق لە مەودای ستراتیژییەتی ئێرانیدا زیاتر دەخولێتەوە وەک لە ئەمریکا، هیچ لە داواکانی ئەمریکایان جێبەجێ نەکرد. دواهەمین ئاگادارکردنەوەکانی ئەمریکا بۆ عێراق لەو بارەیەوە، بانگێشتی باڵیۆزی عێراق بوو لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دوای ئاگربەستی جەنگی نێوان ئەمریکا و ئێران.

**عێراق دوو هەڵوێستی جیاوازی لەسەر ئاستی سیاسی سەبارەت بە جەنگ هەیە:** لەسەر ئاستی فەرمی، بەتایبەت ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ تێوەگلان لە جەنگ نییە، بەڵام لەسەر ئاستی هەندێ گرووپ و پەرلەمانتار، پشتیوانی ڕاستەقینەی ئێرانن. گرووپە پرۆکسییەکانیش لای هەمووان ناسراون و بەشدارن لە حکوومەت و پەرلەمان و هاوکارییش دەکرێن. بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە "دەستەی حەشدی شەعبی"یە کە ڕاستەوخۆ بەپێی یاسای ژمارە 40ی ساڵی 2016 سەر بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانن؛ کەواتە لێدان لە حەشدی شەعبی، لێدانە لە یەکێک لە گرنگترین دەسەڵاتەکانی وڵات، کە دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنە. کەواتە عێراق ناتوانێت بەو جەنگە کاریگەر نەبێت و تێوە نەگلێت، چونکە: گەرچی لەسەر ئاستی دامەزراوەی فەرمی نەچۆتە ناو جەنگ، بەڵام لەلایەن هەندێ گرووپی پرۆکسییەوە عێراقی کردۆتە گۆڕەپانی جەنگ و بڕیاری یەکلاکەرەوەیش هەر لای ئەوانە نەک ئەنجومەنی وەزیران.

لە ماوەی جەنگدا بە شێوەی کرداری دەرکەوت، کە گرووپە پرۆکسییەکان دیوە ڕاستەقینەکەی وڵاتن و ئەوانەی دامەزراوەکان تەنیا کار بەڕێ دەکەن. لە لایەکی تریشەوە سروشتی جوگرافیی عێراق لەگەڵ ئێران، جیاوازە لە بەرەکانی تری گرووپە پرۆکسییەکان؛ عێراق خۆی سنووری بە ئێرانەوەیە و بە بەرەی پێشەوەی جەنگ ئەژمار دەکرێت.

**لەو حاڵەتەدا عێراق توانای ڕاگرتنی هاوسەنگیی پەیوەندی لەنێوان ئەمریکا و ئێراندا نییە. ناکرێ ئەو هەموو گرووپە پرۆکسییە، کە هەندێکیان خۆیان بە بەشێک لە سوپای عێراق دەزانن و هێرش دەکەنە سەر ئەمریکا و هەرێمی کوردستان، حکوومەتی فیدراڵی توانای ڕێگریی نەبێت. ئەمەیش دووچاری گوشاری زۆری دەکاتەوە لەلایەن ئەمریکاوە و، قەیرانی سیاسی و ئاسایش و ئابووری بەدوای خۆیدا دێنێت. لە ئاکامیشدا پرۆسەی سیاسیی وڵات لە یەکڕیزی و تەباییەوە بەرەو لێکترازان و دووبەرەکی دەبات.**

**ئەو سیناریۆیانەی کە لە قۆناغی نوێی جەنگدا پەیوەندیدارن بە عێراقەوە، دەکرێ بەم شێوەیە بن:**

**سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی جەنگ**. لەو حاڵەتەیشدا هێرشەکان لە هەموو بەرەکاندا وێرانکەرتر دەبن و کەمترین دەرفەت بۆ ئێران لە وەڵامدانەوە دەهێڵدرێتەوە و زۆر کاریگەر دەبن. هەر لەو سیناریۆیەیشدا هێرشەکان بۆ عێراق و لە ناوخۆدا زۆرتر دەبن و جیۆپۆلیتیکی وڵاتیش لەنیوان شیعە و سوننە و کورد گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و، پانتایی شیعە بەرتەسکتر دەکرێتەوە؛ بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کە، ئایا ئەو حکوومەتەی کە هەیە، بەو شێوەیە دەمێنێتەوە، یان زمانحاڵی هەموو لایەنەکان دەبێت؟

**سیناریۆیەکی تر بۆ عێراق ئەوەیە ماوەیەک بارودۆخەکە هێور ببێتەوە**. لەو حاڵەتەیشدا عێراق دەتوانێت

ڕۆڵی ناوبژیوان بگێڕێت. بەڵام ئەو کارە ئاسان نییە، چونکە لە لایەک لە عێراقەوە هێرش دەکرێتە سەر ئەمریکا و لە لایەکی تریشەوە ئەگەر ڕۆڵی ناوبژیوانی بگێڕێت، کاریگەریی زۆر کەم دەبێت.

**ئەی ئەگەر جەنگەکە درێژخایەن بوو؟** ئەمە بۆ عێراق تا بڵێی قورسە و بەرگەی ئەو بارودۆخە ناگرێت، چونکە ئەمریکاش بەو شێوەیەی ئێستا لە حکوومەتی عێراقی قبووڵ ناکات. لە جەنگی درێژخایەندا؛ شەڕی پرۆکسییەکان زۆرتر دەبێت، دامەزراوەکانی دەوڵەت لاواز دەبن، پەیوەندییەکان لەگەڵ دەرەوە و ناوخۆ تا بێت ئاڵۆز دەبن، هەژموونی گرووپە پرۆکسییەکانی ئێران بەسەر حکوومەت و بارودۆخی سیاسیی وڵات زۆرتر دەبێت، بەتایبەت لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق، دابەشبوونی سیاسی و لێکترازان، سەرهەڵدانەوەی داعشیش ئەگەرێکی زۆرە، قەیرانی ئابووری و هەناردەنەکردنی نەوت، بارقورسی بۆ وڵات دروست دەکات و هتد. هەر بۆیە ئەم سیناریۆیە لە بەرژەوەندیی عێراق نییە.

کاتێ جەنگ دەست پێ دەکاتەوە، لەوانەیە یەکێک لە ئەگەرەکان ڕووخانی ڕژێم بێت لە ئێران، یان پێکهێنانی حکوومەتێک بێت هەر لە سەرکردەکانی ئێستا، بەڵام بە ئەجێندای ئەمریکا و ئیسرائیل ڕازی بن. لەو حاڵەتەدا پەیوەندیی نێوان عێراق و ئێران گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەو مەرجانەی کە ئەمریکا هەیبوو بۆ عێراق، دەبێت بێ سێ و دوو جێبەجێیان بکات و حکوومەتێک لە عێراق دێتە ئاراوە کە شوێنکەوتەی ئەمریکایە و گرووپە پرۆکسییەکان پێگەی کاریگەریان نامێنێت، عێراقێک دەبێت کە بە سیستەمی فیدراڵی بەڕێوە دەبردرێت و هتد. ئەمەیش لە بەرژەوەندیی عێراقە گەرچی هەندێ لایەنی سوننی و شیعی و کورد لێی زەرەرمەند دەبن!

**لە تەواوی سیناریۆکانی تایبەت بە عێراق، ئاییندەی وڵات مسۆگەر نییە و دووچاری دابەشبوون و ئاژاوە دەبێتەوە.**

## کۆبەند

- جەنگ بەردەوام دەبێت، ئەمریکا هەوڵ دەدات تەواوی خاڵە بەهێزەکانی ئێران نەهێڵێت، تا ناچاری بکات خۆی بەدەستەوە بدات.
- تا هەنووکە ئەمریکا بە نیازی گۆڕینی سیستەمی سیاسیی ئێران نییە، بەڵام تا ئەوپەڕی توانای خۆی، گوشار دەخاتە سەر ئێران و وێرانی دەکات.
- ئەمریکا لە گەڕی دوای هەرەسهێنانی دانوستان، توندوتیژتر و خاپوورکەرتر دەبێت، بەڵام هەوڵ دەدات زوو ئەو کارە ئەنجام بدات، تا لەو ماوە کەمەدا ـ کە پێ دەچێ بە لای ئەمریکاوە دوو هەفتە بێت ـ چین و ڕووسیا فریای هاوکاریی ئێران نەکەون.
- ترەمپ هەوڵ دەدا تا دوو هەفتەی تر یەکلایی بکاتەوە، چونکە ئەوەی کە لە دەسەڵاتی سەرۆکی ئەمریکایە، بۆ ماوەی دوو مانگە و بریتییە لە دەستێوەردانی سەربازی نەک جەنگ؛ دوای ئەو ماوەیە بۆچوون بۆ دەستێوەردانە سەربازییەکە، دەگۆڕێ بۆ جەنگ و دەبێتە دەسەڵاتی کۆنگرێس. ئەوەیش هەڵوێستێکی قورسە بۆ حزبی کۆماری و بۆ خودی ئەمریکاش.
- ئەگەری تێوەگلانی عێراق لە گەڕی جەنگی پێش دانوستان زۆرترە. بەوەیش پرۆسەی سیاسی لە عێراق دووچاری هەرەس دەبێتەوە.

- گرووپە پرۆکسییەکان چالاکتر دەبنەوە و ئەم جارە شەڕی مان و نەمان دەبێت. هەرێمی کوردستانیش لەوانەیە لە جارێ پێشوو زیاتر زەبری بەرکەوێت.
- پرۆسەی سیاسیی هەرێم بەئاشکرا کاریگەریی جەنگی ئێران و ئەمریکای پێوە دیارە و بەرە سیاسییەکانیش لە دژی یەکتر تا دێت ڕوونتر دەبنەوە. کەواتە هەرێم لەبەردەم قۆناغێکی دژواردایە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە. دەیشکرێ دانانی سەرۆککۆمار وەک بۆمبێکی داڕێژراو وابێت بۆ هەرێم لەسەر ئاستی ناوخۆ و پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا، چونکە ئەوەی ئێستا لە بەغدا لەسەر ئاستی سەربازی و سیاسی و ئابووری حوکم دەکات، بریتییە لە گرووپە پرۆکسییەکان.